# کوردستان پاڵەوانییەتی ڤیڤا،لە باوەش دەگرێت

**بڕیـــاره لــە ســاڵی ٢٠١٢پاڵەوانییەتی ڤیڤا بۆ وڵاتە بێنەتەوەکان، کــە یەکێتی تۆپی پێی ڤیڤا ئەنجامــی دەدات، یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتانیش وەکو سەرجەم یەکێتییەکانی تر توانی ئەمجارە متمانەی لە ئەســتۆ گرتنی ئەم پاڵەوانییەتییە وەربگرێت، کوردستان بکاتە خاوەنی یەکەم پاڵەوانییەتی جیهانی لەســەر ئاســتی وڵاتە بێنەتەوەکان،لە ئێســتاوەش یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لە هەوڵی سەرکەوتنن بۆ لە باوەش گرتنی ئەم پاڵەوانەتییە مەزنەن، ئێمەش لەم بارەیەوە ئەم ڕاپۆڕتەمان ئەنجامداوە.**

ڕاپۆرت : کارزان کاندی

دکتۆر ئــاڵان قــادر ئەمینــداری لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لەمبارەیەوە وتی «ئێمە وەکو لیژنــەی ئۆلۆمپی کوردســتان چەند مانگێکە لــە ئامادەکاریداین،لە ئێستاشــدا بودجەیەکی تایبەتمان پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کــردووە، ئومێد دەکەین بەزووتریــن کات ئەو بودجەیــە ڕەزامەندی لەســەر بدرێت. لە ڕێگای بەرکارهێنانی ئەو بودجەیەوە هەنگاوی زۆر گرنگمان لەسەرشانە، لەم ماوەیە کارەکانمان بکەین و پاڵەوانەتییەکە ئەنجــام بدرێت. بەڵام بەداخەوە تاکو ئێســتا وەڵامێکــی ئیجابیمــان لە ســەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بەدابین کردنی بۆنەهاتۆتەوە، بێگومان ئەو کارەی پێویســتە لەســەرمان بیکەین پێویستی بە بودجە هەیە، لەگــەڵ هەندێك لایەنی تریش ئامادەکاریمان کردووە بە تایبەتــی لەلایەنی مەعنەوییەوە، ئومێدیش دەکەین کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو بودجەیە ڕەزامەندی لەســەر بدرێت.

بــۆ ئەوەی بتوانین ئــەو کارانەی کە پێویســتی بــە بودجە هەیە جێبەجێی بکەین، بەجوانترین شــێواز پێشوازی لــەم پاڵەوانییەتییە بکەیــن، بێ گومان ئەمە ســەرکەوتنی هەموو لایەکمانە، ســەرکەوتنی کەســێك یان لایەنێك یان دەزگایەك نییە، ئەو سەرکەوتنە بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان بەو ڕۆحییەتە ســەیری ئەو پاڵەوانییەتییە بکەین. کەوا بتوانین سەرکەوتن بەدەست بهێنین، وتیشی بڕی ئەو بودجەی داوامــان کردووە، زیاترە لە دوو ملیــار دینارە، ئەو بڕە پارەیەیە کە داوامان کردوە بۆ نۆژەن کردنەوەی هەندێك یاریگاکانی کوردســتانە و بۆ میوانداری کــردن و مانەوە و هاتوچۆی هەڵبژاردەکانــە، ڕەنگە ژمارەی تیپەکانی ئەمساڵ، لە چاو ساڵانی تر زیاتر بێت، بۆیە پێویســتیمان بە بودجەیەکی زیاتر هەبووە یەکەمجاریشــە کەوا هەڵبژاردەی کوردســتان لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان پاڵەوانەتییەکی فەرمی ئەنجام دەدات، بۆیە دەبێت هەڵبژاردەی کوردستان بە شێوەیەکی باش ئامادەبکرێت. بۆیە هەڵبژاردەکــەش پێویســتی بە ئۆردوگای مەشــقی هەیە بــۆ ئەوەی بتوانێ بەشــێوەیەکی بــاش ئامادەبکرێــت و ئەوەش پێویســتی بە بودجە هەیە، قسەشــمان لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کردووە بۆئەوەی چەندین یاری دۆستانە چ لە ناوەوە یان لەدەرەوە بۆ هەڵبژاردەی کوردســتان ڕێکبخات، ئەوانە پێویستی بە بودجە هەیە.

ســەڵاح حەســەن خەســرۆ جێگری سەرۆکی لیژنــەی ئۆلۆمپــی کوردســتان لــە بارەی پاڵەوانییەتــی ڤیڤاوە وتــی «ئێمە لە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردســتان گرنگییەکی زۆرمان بەو پاڵەوانییەتییە داوە، بۆ ناساندنی میللەتی کوردە بــە جیهان و ئەو وڵاتانەی بێ ئاڵان، جاری وا هەیــە ١٦بۆ١٤وڵات دەبن لە جیهانن، زۆربەیان لــە ئەوروپان، ئــەو پاڵەوانییەتیە، لە هەریەك لە وڵاتانی ســوێد و ئیتالیاو ئیسپانیا ئەنجام دراوە، ئەمجارەش ئێمە لە کوردســتان باوەشیان بۆ دەکەینەوە، هەم لە رووی تەکنیکی کە تۆپی پێیە ئێمە زیاتر گرنگی پێ دەدەین، وتیشــی ئێمە گرنگی زۆری









پـــێ دەدەین چونکـــە بابەتەکە پەیوەســـتە بە ناســـاندنی میللەتی کورد، ئایندەی سیاســـی کورد لە رووی وەزرشـــەوە گرنگە. ئاماژەشی بـــەوە دا کەوا ئێمە بتوانین پێشـــوازییەکی بێ وێنە بکەین بۆئەوەی سەر بەرزبین لە بەرەو پێش بردنی ئەو پاڵەوانییەتییە .

سەلام حوسێن ســـکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان وتی «ئێمەلە ئێســـتاوە خەریکی خۆئامادەکردنیـــن بۆ ئـــەو پاڵەوانیەتییە، کە پێنجەمیـــن پاڵەوانیەتییە، ئێمـــە وەکو یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان هیچ درێغێك ناکەین بۆ لە ئەســـتۆ گرتنی ئەم پاڵەوانییەتییە، هەرچی پێمان بکرێـــت بۆخزمەتکردن و پێشـــکەوتنی وەرزشی کوردستان ئامادەین،ئەم پاڵەوانییەتیەش دەســـتەکەوتێکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان وەکو پاڵەوانییەتییەکانی تر وایە . وتیشی ئێمە شەرەفی میوانداریەکە لە ئەستۆ دەگرین، دەبێت حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان وپەرلەمانی کوردستان ووەزارەتی رۆشنبیری ولاوان و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردســـتان بتوانن بە شێوەیەکی رێك وپێك هەڵمەتێك ئەنجام بـــدەن. بۆئامادەکردنی یاریگاکانی کوردستان، وتیشی ئەگەر یاریگاکان ئامادەبوون ئەوا دەتوانین لەبەشـــێکی گرنگی ئەم پاڵەوانییەتییە ســـودمەندبین و سەرکەوین، دوای کۆتایی هاتنی پاڵەوانییەتییەکە سوودی بۆخۆمان دەبێت. وتیشـــی تۆپی پێ لایەنێکی گرنگـــە، هەموو لایەنێك کۆدەکاتەوە، لە بارەی هەڵبژاردەی کوردستانیش وتی ئەگەر یاریزانە بەتواناکانی کوردستان کۆبکرێنەوە ڕاهێنەرێکی بەتوانـــاش بهێنـــن، ئامادەکارێکی باش بکەین دەتوانین ئەنجامی باش تۆمار بکەین. وتیشی ئێســـتا ژمارەیەکی زۆر لـــە یاریزانانی بەتوانا لە یانەکانی کوردســـتان هەن و بگرە لە ریزی هەڵبـــژاردەی عێراقیشـــن، بەڵام ئێســـتا ئەو عەرەبانە ئەو مافەی یاریزانە کوردەکانی ئێمەیان خواردوە،ســـەبارەت بە لۆگـــۆی پاڵەوانییەتی ڤیفا،وتی ئێمە و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردســـتان لۆگـــۆی ڤیڤامان پێشکەشـــی ئێن ئیف بۆرد کرد، لەوێش لۆگۆیەکە پەسند کرا .

ســـەرکار عەلـــی خـــان جێگری ســـەرۆکی یەکێتـــی تۆپی پـــێ کوردســـتان وتی «ئێمە لـــە ئامادەکاری دەبین بۆ ئـــەوەی بتوانین ئەو پاڵەوانییەتییە بە شـــێوەیەکی زۆر رێکوپێك لە باوەش بگرین، ئێستا کارە سەرەتاییەکان ئەنجام دەدەین،لە ئامادەکاریشین بۆ ئەوەی یاریگاکانی کوردســـتان ئامادەبکەین بە جوانترین شـــێوە، کاری لۆگۆیەکەمان تەواو کردوە پێشکەشـــی ئین ئێف بۆردمان کردووە، وتیشی ئێمە بەنیازین ئامادەکاری زۆر باش بکەین و بۆئەوەی ناوی کـــوردو کوردســـتان بەرزبکەینـــەوە، بەڵام بۆ دەست نیشـــانکردنی یاریزان جارێك زووە قسە لەســـەر ئەمە بکەین، چونکـــە هیچ تیپێکمان ئامادەنەکردوە کاتمان ماوە. دوای تەواو بوونی گشـــت کارەکانمان ئیجا تیپەکەش دەست نیشان دەکەین .

گەیلان سلێمان هاندەری وەرزشی وتی «من زۆر دڵخۆشم بە لە باوەش گرتنی ئەم پاڵەوانییەتییە کەوا کوردستان بۆ یەکەمجار لەئەستۆ دەگرێت، ئێمە لە چاوەڕوانی ئەوەداین کەوا چ کاتێك ئەم پاڵەوانییەتییە ئەنجام دەدرێت، وتیشی پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر رێکوپێك ئامادەکاری بۆ ئەو پاڵەوانییەتییە بکات. یاریگاکەکانیش ئامادەبکەن و بتوانن لەو پەڕی ئامادەســـازی دابین. منیش وەکو لاوێك بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو رۆژەم .



سەڵاح حەسەن



سەرکار عەلی خان



سەلام حوسێن



د.ئالان قادر

## پاڵەوانیەتی پاریس – نیس لە پایسکلسواری





پایسکلسواری ئەڵمانی تۆنی مارتن نازناوی پاڵەوانیەتی پاریس – نیسی نێودەڵەتی بەدەستهێنا کە ماوەی ٨ ڕۆژی خایاند و لە ٨ قۆناغ پێکهاتبوو بە بەشداری ١٣٥ پایسکلسوار، قۆناغی هەشتەم و کۆتایی ماوەکەی ١٢٤ کیلۆمەتر بوو لە شەقامەکانی شاری نیس لە کەش و هەوایەکی باراناویدا ئەنجامدرا، پایسکلسواری فەرەنسی تۆماس ڤۆیکلار پلەی یەکەمی ئەم قۆناغەی بەدەست هێنا دوای ئەوەی ماوەی قۆناغەکەی بەکاتی ٣ کاتژمێر و ١٥ خولەك و ٥٨ چرکە بڕی.

تۆنی مارتنی ئەڵمانی بە هاوکاری هاوڕێکانی لە تیپی های ڕۆد پاڕێزگاری لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندی گشتی کرد و نازناوەکەی مسۆگەر کرد دوای ماوەی سەرجەم ٨ قۆناغەکە بەکاتی ٣٤ کاتژمێر و٣ خولەك و ٣٧ چرکە بڕی.

مارتن سێیەم یاریزانی ئەڵمانیە ئەم نازناوە بەدەست دەهێنێت و بە باشترین خۆئامادەکردنی دادەنێت بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیتی تۆر دو فرانس کە لە هاوینی داهاتوو ئەنجام دەدرێت.

## مۆرینهۆ بیری خولی ئینگلتەرا دەکات

راهێنەری پورتوگالی بەناوبانگ جوزی مۆرینهۆ راهێنەری یانەی ریال مەدرید ستایشی خولی ئینگلتەرای کرد و ئەزموونی خۆی لەگەڵ یانەی چێلسی بە سەرکەوتووترین ماوەی کارکردنی لە قەڵەم دا و ئاماژەی بەوەکرد کە داهاتووی خۆی لە خولی ئینگلتەرا دەبینێت. مۆرینهۆ لە لێدوانێکی بۆ رادیۆی دووی ئیتالی وتی: ئەزموونەکەم لە ئینگلتەرا ئەزموونێکی بێ هاوتا بوو، چونکە تۆپی پێ لە ئینگلتەرا جۆرێکی نایابە، هەروەها لەم خولە گیانی وەرزشی پارێزراوە جگە لە ڕێزگرتن و هێمنی و ژیانی کۆمەڵایەتی، بە هەموو وردەکارییەکان سەرسامم و بیری خولی ئینگلتەرا دەکەم و ئەو وڵاتە بۆ من داهاتووە، بەڵام نازانم لە چ کاتێك دەگەڕێمەوە بۆ خولی ئینگلتەرا.



سەبارەت بە قۆناغی کارکردنی لە گەڵ یانەی ئینتەر میلان، مۆرینهۆ وتی: ئەزموونێکی نموونەییم لەگەڵ یانەی ئینتەر میلان هەبوو، وەکو خەونێك بوو ئێستاش پەرۆشی هاندەرانم لە یادە، لە هەمان کاتدا نامەوێ کێشەکانی ئەو قۆناغەم بێتەوە یاد، کارێکی سەختیشە بۆ من وەك راهێنەری یانەی ریال مەدرید لە بەرامبەر یانەی ئینتەر میلان یاری بکەین. لە کۆتاییدا مۆرینهۆ دووپاتی کردوە کە هیچ زانیارییەکی نییە دەربارەی هەوڵی هێرشکردنە سەری لە شاری لاکەرۆنیا کە لە ئەنجامدا یەکێك لە پاسەوانانی زامدار بوو.

## تۆریس دڵنیایە لە کۆتایی هاتنی سەردەمی بەرشلۆنە

یاریزان و ئەستێرەی تازەی یانەی چێلسی فیرناندۆ تۆریس لە چاوپێکەوتنێکیدا رایگەیاند کە سەردەمی باڵا دستی یانەی بەرشلۆنە بەرەو کۆتایی دەڕوات، تۆریس لە لێدوانکیدا بۆ ڕۆژنامەی کۆنفدنسیالی بەناوبانگ سەبارەت بە ململانێی بەردەوامی نێوان هەردوو یانەی ریال مەدرید و بەرشلۆنە و جیاوازی نێوانیان وتی: بەرشلونە ناتوانێت لە ئاستی ئێستای باشتر بێت، بەڵێ مۆرینهۆ راست دەکات کاتێك دەڵێ بەرشلۆنە بەرهەمێکی بەسەراچووە، کێشەکان بۆ یانەی بەرشلۆنە دروست دەبێت کاتێك ناچار دەبن چەند بەردێکی بەنرخ لە پێکهاتەکەیان بگۆڕن. هەروەها تۆریس وتی: ڤالنسیا، ڤیاریال و سیڤیلیا ئاستیان زۆر بەرزە، بەڵام هەردوو زەبەلاح ریال و بەرشلۆنە لەوان زۆر باشترن، گومانیشم نییە کە یانەی بەرشلۆنە بەهێزترین پاڵێوراوە بۆ ئەوەی هەموو نازناوەکانی ئەم وەرزە بەدەست بهێنێت.



لەکۆتایی لێدوانەکەی سەبارەت بە ئاستی ریال مەدرید لەگەڵ مۆرینهۆ، تۆریس وتی: ئەوە وەرزی یەکەمە بۆ مۆرینهۆ و ئەگەر بەردەوام بێت دەتوانێت لە وەرزەکانی داهاتوو نازناوەکان بەدەست بهێنێت، بەڵام داواکارییەکان بۆ دەسکەوتەکان لە یانەیەکی گەورەی وەك ریال مەدرید هەردەم بەپەلەیە.

بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز Mobile: 4514021 rebin1985@yahoo.com

# کاسیاس مێژوویەکی پرشنگدار تۆمار دەکات



گۆڵچی و کاپتنی یانەی ریال مەدرید ئیکەر کاسیاس بەردەوامە لە تۆمارکردنی مێژوویەکی پڕشنگدار لەگەڵ یانەکەی لەخولی ئیسپانیا، لە یاری نێوان هەردوو یانەی ریال مەدرید و ئێرکۆلیس دا، کاسیاس یاری ژمارە ٤١٢ ی ئەنجامدا، بەڵام لە ١٤٢ یاریدا گۆڵی لێنەکراوە، ئەم ژمارەیەش سێیەکی ژمارەی یارییەکانە کە کاسیاس تیایدا گۆڵچی بووە، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەیی تازەیە و ژمارەی پێشوو بە ناوی گۆڵچی پێشووی یانەی ریال مەدرید (بۆیۆ)بوو کە لەساڵی ١٩٩٦ تۆماری کردبوو، کاسیاس پێش ماوەیەك لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی ئیسپانیۆل لە خولەکی دوو بەکارتی سوور دەرکرا کەئەمەش خێراترین کارتی سوورە لە مێژووی یانەی شاهانەی ئیسپانیا، جگە لەوەش کاسیاس هاتە ریزی هەشتەمی یاریزانانی یانەی ریال مەدرید لە رووی بەشداریکردن لە یارییەکانی یانەی ناوبراودا.

کاسیاس تەمەنی ٢٩ ساڵە و خەڵاتی باشترین گۆڵچی مۆندیالی ٢٠١٠ ی وەرگرتووە، هێشتا کاتێکی زۆری لە پێشە بۆ ئەوەی مێژووی تازە لەگەڵ یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا تۆمار بکات.

# بۆندێکی دوو ساڵە بۆ کینی دالگلیش


راپۆرتە رۆژنامەوانیەکانی ئینگلتەرا رایانگەیاند خاوەنەکانی یانەی لیڤەرپول ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆندێکی دوو ساڵە پێشکەش بە راهێنەر کینی دالگلیش بکەن بۆ مانەوە لەگەڵ یانەکەیان، دالگلیش لە مانگی کانوونی دووەمی رابردوو بە شێوەیەکی کاتی ئەرکی راهێنانی یانەی لیڤەرپولی وەرگرتووە لە شوێنی راهێنەری پێشوو رۆی هۆدسون کە لە ئەرکەکەی دوورخرایەوە بە هۆی ئەنجامە خراپەکانەوە، بەڵام بەهۆی ئەنجامە باشەکانی یانەکەیان لەگەڵ ئەم راهێنەرە وای لە دەستەی کارگێڕی و خاوەنی یانەی ریدز دەکات کە بۆندێکی تازە پێشکەش بە دالگلیش بکەن.



بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی دەیلی ئێکسپرێس خاوەنەکانی یانەی لیڤەرپول رازیبوون بە پێشکەشکردنی بۆندێکی تازەی دوو ساڵە بۆ راهێنەر کینی دالگلیش نەك بۆندێکی چوار ساڵە هەروەك خودی دالگلیش داوای کردووە.

# بەرشلۆنە: ٤٦ ملیۆن یۆرۆ بۆ هێنانی باڵ

رۆژنامەی بیبۆلی ئینگلیزی رایگەیاند ئامانجی یەکەمی یانەی بەرشلۆنە لە گواستنەوەی یاریزانان لە هاوینی داهاتوو کڕینی یاریزانی یانەی تۆتنهام گاریس باڵە، بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەکە یانەی بەرشلۆنە ئامادەیە بڕی ٤٦ ملیۆن یۆرۆ تەرخان بکات وەك نرخی یاریزانی ناوبراو لەگەڵ ئەگەری خزاندنی یاریزان بۆیان کریکچ وەك بەشێك لە بۆندەکە، پێشتر یاریزان سیسك فابریگاس ئامانجی یەکەمی یانەی بەرشلۆنە بوو، بەڵام دوای ئاستی خراپی فابریگاس لەگەڵ یانەی ئەرسنال لە بەرامبەر بەرشلۆنە لە خولی یانەکانی ئەورووپا بۆچوونی راهێنەر گواردیۆلای گۆڕی لە پلانی بەهێزکردنی یانەکەی.



لە چاوەڕوانی بڕیاری یاریزان گاریس باڵ کە پێشتر رایگەیاند بوو نیازی وایە لە یاریگای هارت لاین بەردەوام بێت، وا پێدەچێت یانەی تۆتنهام ئامادە بێت بۆ فرۆشتنی یاریزان باڵ ئەگەر پێتو نەتوانن لە وەرزی داهاتوو بەشداربن لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەتایبەتی ئێستا ململانێ لەسەر پلەکانی سێیەم و چوارەم لە نێوان یانەکانی مانچستەر سیتی و چێلسی و تۆتنهام لە لوتکە دایە و یانەی تۆتنهام لە پلەی پێنجەمە.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# ڕۆناڵدۆ لە دیدی ئەستێرەکان

**یاریزانـــی پێشـــووی هەڵبـــژاردەی بەڕازیل ڕۆناڵدۆ پێش ماوەیەك بەهۆی سەرهەڵدانەوەی پێکانەکـــەی بەیەکجـــاری وازی لەیاریکردن هێنا.**

**چەندیـــن ئەســـتێرەی بەناوبانگی تۆپی پێی جیهانی بەرامبەر ئەم یاریزانە ئەم قســـانەیان کرد.**

**جێرزینهۆ:** ئەوکاتەی تۆپ دەکەوتە بە قاچی ڕۆناڵدۆ تیپەکەی نیو گۆ ڵـــی مســـۆ گە ر دەکرد.




**ڕۆماریۆ:** ڕۆناڵدۆ یاریزانێکی بەتواناو گۆڵکار بوو لە وڵاتی سامبا دووبارە نابێتەوە.

**زاگالـــۆ:** ڕۆناڵـــدۆ بەئاســـتی بـــەرزی بگرە منالانیشی دڵخوش دەکرد و جێگرەوەی بیلیە بوو و یاریزانێکی بە توانا بوو لە هێڵی هێرشبردن و مێژوویەکی پڕشنگداری بۆ نەوەکان جێهێشت

**جیۆڤانی:** بەتەئکید ڕۆناڵدۆ باشـــترین گۆڵکار بوو لـــە جیهان و خورەوشـــتێکی بەرزی هەبوو خاوەن زەردەخەنەیەکی بـــەردەوام بوو بڕوا ناکەم لەو یاریزانە باشتربێتەوە .

**زوبیزاریتا:** ڕۆناڵدۆ لـــە توانای هەبوو هەموو کەش و هەوایەك بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی گۆڵ تۆمار بکات .

**بۆبی ڕۆبســـۆن:** لەهیچ شوێنێك یاریزانی وەك ڕۆناڵدۆ لە جیهان بەدی ناکرێ و دەزانێ کەی تۆپ ئاراستەی گۆڵ دەکات و کەی یاری بە یاریزانـــان دەکات و گەر چل یاردە لە گۆڵ د و و ر بێـــت تیپـــی بەرامبـــەر تێك دەچـــن و هەل بـــۆ برادەرەکانـــی دروســـت دەکات بۆ گۆڵ تۆمارکردن .

**رائوول:** زۆر هەوڵم دا کە شـــتێك لە ڕۆناڵدۆ فێربم و بـــە تەکتیکی بەرزی دەیتوانی هێڵی بەرگریکارانـــی تیپی بەرانبـــەر ببڕێت و من سەرسامم بە ئاستی ئەو یاریزانە.

**لینیکار:** کەســـم نەدی وەکو ڕۆناڵدۆ بەهێزی ڕاکردنی ئـــەم یاریزانە و بـــەو لێهاتووییەی دەتوانێ لە نەبوونی هەلی ڕاســـتەقینە گۆڵ تۆمار بکات .

**لۆران بلان:** لە توانـــای کەس نەبوو وەکو ئەم یاریزانە کۆنترۆڵ بکات وەکو تۆپی تێنســـی سەرزەوی.

**شیرەر:** توانای ئەم یاریزانە بە کرێ چوو خوا دەیزانێ گەر بـــەردەوام بوایە پاش ماوەیەکی دیکە چی دەکرد بۆ تۆپی پێ.

ســـیزار گۆمێز: یاریکـــردن بەرانبەر ڕۆناڵدۆ ناخۆشترین و قورســـترین کات بوو لە ژیانم، چونکە لێهاتوویەکـــی ڕادەبەدەری هەبوو لەم بوارە .

**زێنەدین زێدان:** کەس ناتوانێ شان لە شانی ئەم یاریزانە بدات و خاوەن مێژوویەکی پڕ سەروەری بوو دەتوانم بڵێم جارێکی دیکە یاریزانی لەم جۆرە دروســـت نابێت خورەوشـــت و ئاســـت بـــەرز بوو و خۆشەویســـت و نزیکتریـــن هاوڕێم بوو هیوای ســـەرکەوتنی لـــە کارەکانـــی داهاتـــووی بۆ دەخوازم.



شتیفی گراف لە ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٩ لە ناوچەیەکی سەر بە شاری هاید لبیرگی ئەڵمانی لەدایکبووە و لە کۆمپانیای خۆماڵی باوکی فەرمانبەر بووە و دایکیشی کاری بازرگانی ئۆتۆمبێلی کردووە. جارێکیان بە دیاری ڕۆکێتێکی تێنسی سەرزەوی پێشکەش بە کچەکەی کرد، کە تەمەنی چوار ساڵانە بووە، هەر لەو تەمەنەوە دەستی بە ڕاهێنان کردووە و دواتر لە تەمەنی شەش ساڵی بەشداری لە پاڵەوانییەتی بەچکە شێرانی میونخ کرد و توانی نازناوەکە بباتەوە. ساڵی ١٩٧٧ هەر لەشاری میونخ پاڵەوانییەتی لاوانی بردەوە، باوکی بڕیاریدا واز لەکارەکەی بهێنی و مەشق بە کچەکەی بکات، لەیەکەم تاقیکردنەوەدا شتیفی گراف لە پاڵەوانییەتی ئەڵمانیا لە هۆڵەداخراوەکان، بەرانبەر بە یاریزانێك کە پلەی (٨٠) تووشی دۆڕاندن هات. لەساڵی ١٩٨١ گراف یەکەم یاریزانی ئەڵمانی دەبێ کە نازناوی جیهانی بۆ لاوان لە هەرێمی فلۆریدای ئەمریکی بباتەوە و لە تەمەنی سیانزە ساڵی توانی نازناوی پاڵەوانییەتی لاوان بۆ تەمەنی (١٨) ساڵی لە ئەڵمانیا بباتەوە و دوای چوار مانگ گراف توانی ناوی بخانە لیستی یاریزانە پیشەگەرەکانی جیهانی بە پلەی (٢١٤) لەسەر ئاستی جیهانی.

# شتیفی گراف ئەستێرەی ئاسنی تێنسی سەرزەوی جیهانی



### سەرکەوتنەکانی گراف وەکو یاریزانی پیشەگەر

ساڵی ١٩٨٨ توانی یەکەمین نازناو بەدەست بێنی، دوای ئەوەی لە پاڵەوانییەتی ویمبلدۆنی بردەوە و ساڵی ١٩٨٣ بەشداری لە پاڵەوانییەتی فەڕەنسا کرد و لەچەند یارییەك سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەهەمان ساڵدا گراف خوێندنی جێهێشت و خولیای زیاتری خستە سەر مەشقەکانی و گەیشتە پلەی (٩٨)ی ریزبەندی جیهانی و ساڵی ١٩٨٤ نازناوی پاڵەوانییەتی تێنسی سەرزەوی ئافرەتانی یارییەکانی ئۆلۆمپیادی لۆس ئەنجیلۆسی ئەمریکی بردەوە، لە ساڵی ١٩٨٤ بچووکترین یاریزان بووە کە یەکەمین جار بەشداری لە پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن بکات و ریزبەندی گەیشتە (٢٢)ی لەسەر ئاستی جیهانی، ساڵێك دواتر گراف گەیشتە یاری کۆتایی پاڵەوانییەتی ئەڵمانیای کراوە، گەیشتە ریزبەندی شەشەمین لەسەر ئاستی جیهان و لە ساڵی ١٩٨٦ توانی نازناوی پاڵەوانییەتی ئەڵمانیای کراوە بباتەوە و لە یاری کۆتایی لە کچە یاریزانی مارتینا نافیراتیلۆڤا بباتەوە، کە ئەو کات لە پلەی یەکەمی جیهان بوو، لەمانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ خەڵاتی باشترین وەرزشوانی جیهانی لە تێنسی سەرزەوی وەرگرت، لە رکابەریەکی بەهێز لەگەڵ چەندین ئەستێرەی جیهانی وەکو ئەرژەنتینی گابریلا ساباتینی و ئیسپانی سانشێز، دواتر کەوتە رکابەری یەکەمی ریزبەندی گشتی جیهانی سویسری، مارتینا هینگیز نازناوەکەی لێوەرگرتەوە. شتیفی گراف لە مێژووی پیشەگەری توانی (٢٢) نازناوی جیهانی بباتەوە و لەوانە شەش پاڵەوانییەتی فەرەنسای کراوە لەپاریس و چوار پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن لە لەندەن و چوار پاڵەوانییەتی ئوسترالیای کراوە، لەهەمان کاتدا گراف یەکەمین یاریزان لە جیهان بێت ماوەی سێ سەد وحەفتا وحەفت هەفتە پارێزگاری لەیەکەمی جیهانی بکات.

### ژیانی تایبەتی گراف

دوای دۆڕاندنی بە دە رۆژ لە پاڵەوانییەتی ویمبلدۆنی ساڵی ١٩٩٩ کچە یاریزانی ئەڵمانی شتیفی گراف بەیەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا، سەرەڕای ئەوەی لە هەمان ساڵدا نازناوی کەسایەتی وەرزشی لە ئەڵمانیا وەرگرت، دوای چەند هەفتەیەك شتیفی گراف لە خوشەویستەکەی شوفێری ئەڵمانی میکائیل بارتیلز جیابۆوە، دواتر باس لەوە دەکرا کە گراف پێوەندی خۆشەویستی رادەبەدەری لەگەڵ یاریزانی بەناوبانگی تێنسی سەرزەوی ئەمریکی ئەندرێ ئەگاسی هەیە و دواتر ژیانی هاوسەریان پێکهێنا و ئێستاش خاوەنی دوو منداڵن و لە ئەمریکا ژیان بەسەر دەبەن، گراف بە کچێکی ئاسنی و بەتواناترین هێزی لەش ناسرابوو.